# ئەقسا

# قوربانیەکی کۆنەپەرستی رۆژهەڵاتی و فرەکلتوری رۆژئاوایی!



**کەژاڵ حەمەرەشید**
14ی دیسەمبەری 2007
kazhalh@yahoo.com

کاتژمێر 8 ی ئێوارەی رۆژی دووشەممە 10ی دیسەمبەری 2007، پیاوێک لە ناوچەی مسسیساگا ی سەر بەشاری تۆرۆنتۆ لە کەنەدا تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکات و رای دەگەیەنێت کە بە دەستی خۆی کچە 16 ساڵانەکەی کە ناوی "ئەقسا"یە کووشتوە، لەبەر ئەوەی ئەقسا نەی دەویست حیجاب و جل و بەرگی ئیسلامی بپۆشێت.
وەختێک پۆلیس دەگەنە ماڵەکە ئەقسا لەژوری نوستنەکی دەدۆزنەوە کە بە ئاستەم گیانی تیا ماوە. دەمو دەست ئەقسا رەوانەی نەخۆشخانەی( کرێدت ڤاڵی) دەکەن، دواتر بە هۆی هەستیاری حاڵەتەکەیەوە دەیگوازنەوە بۆ نەخۆشخانەی منالان، لەوێ پاش چەند سەعاتێک چاودێری، گیان لە دەست دەدات. لێکۆلینەوەی ئەم کەیسە بەردەوامەو پۆلیس تا ئێستا چۆنیەتی کوشتنەکەی رانەگەیاندوە، بەڵام سەرچاوەیەک دەڵێت یەکێک لە پۆلیسەکان وتوویەتی کە خنکێنراوە.
موحەممەد پەرویز، تەمەن 57 ساڵ، باوکی "ئەقسایە" و خاوەنی 8 منالەو ئەقسا بچوکترینانە. ئەم خێزانە بەرەگەز خەڵکی پاکستانن و نیشتەجێی وڵاتی کەنەدان. پەرویز کەسێکە بە ئیمانێکی توندەوە عیبادەت و پەیرەوی لە یاساکانی ئیسلام دەکات، بۆیە خێزانەکەشی هەر بەو شێوەیە بارهێناوە، سەرپێچیکردن لە داب و نەریتی ئیسلامی و فەرهەنگی رۆژهەڵاتی لەم خێزانەدا بە لێدان و سوکایەتی و سزای قورس لەلایەن پەروێزو گەورەکانی تری ئەو خێزانە وە وەلآم دراوەتەوە.
ئەقسای تەمەن16 ساڵ قوتابی دواناوەندی بوو، تەنها لەبەر ئەوەی دەیوەست جلو بەرگی ئەم سەردەمە لەبەرکات و وەکو هاورێکانی بژی. ئەمرۆ کوشتنەکەی بووە بە سەردێری هەواڵەکان و تەواوی گۆڤارو رۆژنامەو میدیا جۆراوجۆرەکانی شاری تۆرۆنتۆ کەنەدای گرتەوە.
وەقاس پەرویزی 26 ساڵ، برای ئەقسایەو ئەویش بەتۆمەتی بەشداری کردنی لەو تاوانەدا لەلایەن

پۆلیسەوە گیراوە. یەکێک لە هاوڕێکانی ئەقسا دەڵێن کە سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە کاتێک ئەقسا لە ستەیشنێکی پاسدا چاوەڕێی پاس بووە بچێت بۆ قوتابخانە وەقاسی برای بە سەیارەوە لە بەردەمی دەوەستێت و پێی دەڵێت باشتر وایە بێیتەوە بۆ ماڵەوەو ئەو جلانەت بگۆڕی.

ئەقسا دەمێک بوو زۆر بێزار ببوو لە حیجابەکەی و جلو بەرگە سەرتاپا داپۆشراوەکەی. ساڵێک لەمەو بەر هەوڵ دەدات حیجابەکەی لابات، کەم کەمێک قژە خاوو ڕەشەکەی دەردەخست، بەڵام وەختێک ماڵەوە پێیان دەزانی سەرزەنشتیان دەکرد و هەڕەشەیان لێدەکرد، بۆیە ناچار لە قوتابخانە جلێکی لەبەر دەکرد و کە دەرۆشتەوە بۆ ماڵەوە جلێکی تری لەبەر دەکرد، بەڵام کاتێک ئەم پلانەشی ئاشکرا بوو لەماڵەوە ڕووبەڕووی ئەشکەنجەو هەڕەشەی توندتر بووەوە. لەم بەرامبەرکێیەدا کە هاوڕێکانی ناوی دەنێن لێکترازانی کەلچەرەکان، سەرئەنجام ئەقسا لە خێزانەکەی هەڵدێت و سەرەتا لە ماڵی هاوڕێکانی دەمێنێتەوە، چەندین جار ئەمە ڕوودەدات و دەگەڕێتەوە ماڵی باوکی، دواجار ڕوودەکاتە شێڵتەر و لەوی دەمێنێتەوە.



دوای 2 هەفتە پاش ئەوەی کە نامەیەکی بۆ دەچێت لەلایەن خێزانەکەیەوە و باس لەوە دەکەن کە بیری دەکەن و خەوو خۆراکیان لێبراوە، وە هەروەها داوای لێدەکەن کە بگەڕێتەوە بۆ لایان هەر جۆرە جلێکیشی دەوێت دەتوانێت لە بەریکات. بەڵام ئەقسا دەزانێت ئەم قسانەی خێزانەکەی تەنها شتێکی ڕەواڵەتیە بۆیە کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە تەنها بە مەبەستی ئەوە دەچێت کە جل و بەرگ و کەل و پەلەکانی بەرێت لەگەڵ خۆی، دیارە لەم کاتەدا بووە کە باوک و براکەی زەفەریان پێهێناوەو بەو دەردەیان بردوە.

لە چەندین لێدواندا کە لەلایەن پۆلیس و ڕۆژنامەو میدیاکانەوە ئەنجامدراوە، هاوڕێ قوتابییەکانی ئەقسا دەڵێن:

" ئەو ئارەزووی گۆرانی و میوزکی سەردەم و ڕاپ و هپ هۆپی دەکرد، ئارەزوی جلو بەرگی ڕۆژئاوایی دەکرد کە ئەمانە لە لایەن خێزانەکەیەوە قەدەغەبوون"

" ئەو پاش وازهێنانی لە حیجابەکەی و پۆشینی جلو بەرگی ڕۆژئاوایی، ڕووبەڕووی کێشەی زۆر بۆتەوە"

"لەم دواییانەدا ئەقسا یاخی ببوو لە خێزانەکەی چونکە نەی دەویست حیجاب بپۆشێ"

"تەنها لەبەر ئەوە دەیویست حیجابەکەی لابات بۆئەوەی وەک هەر کەسێکی تر بێت"

"ئەو دەیویست بەو شێوازە بژی کە خۆی دەیویست، نەک ئەو شێوازەی کە خێزانەکەی

سەپاندبویان بە سەریدا"

"ئەو دەیویست خاوەنی خۆی بێت، لە راستیشدا دەیویست جوانیەکەی دیار بێت، نەی دەویست لەژێر زەخت و زۆری خێزانەکەی دا بێت ، هەرچیان بوێت بیسەپێنن بە سەریا، لە راستیشدا کەس ئەمە قبوڵ ناکات"

"ئەو زۆر جار باسی کێشەکانی خۆی بۆ دەکردین،"

"نەی دەویست بگری و هەستی خۆی پیشان بدات، بەڵام شەرمی لەوە نەدەکرد باسی کێشەکانی خۆیی و ماڵەوەیان بکات"

"تەنها دەیویست وەکو ئێمە جل لەبەر کات"

دۆمینوکویا، یەکێک لە هاورێکانی ئەقسایە کە بە یەکەوە چوونەتە قۆناغی دواناوەندی و ئەقسا باش دەناسێت دەڵێت" ئەو چەند جار لەلایەن باوک و براکەیەوە هەرەشەی لێکراوە، حەزی دەکرد لەگەڵ هاورێکانی بێتە دەرەوەو کەسێکی نۆرماڵ بێت" هەروەها دەڵێت کە باوکی ئەقسا وتوویەتی " ئەگەر برۆیت دەتکوژم"

رۆژی سێشەممە 12ی دیسەمبەر بەرێوەبەرایەتی قوتابخانەکە لە بەرێوەبردنی پرسەی ئەقسا دا مێزی بەگوڵ تەنراویان دانابوو هەروەها دەفتەرێک بۆ قووتابیەکان تا هۆنراوەو بیرەوەری و یادگاریەکانی خۆیانی تیا بنووسن. بەم شێوەیە هاورێکانی ئەقسا بە سەرسورماووی و پەشۆکاوی گەرانەوە پۆلەکانیان.

ئەمە یەکێکە لە و داستانە تراجیدیانەی کە ژن و کچ وکورە گەنجەکانی ئەو خێزانانەی لە تاراوگە کە تائێستا پاپەندن بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و دینی و کولتوری ئەو وڵات و ناوچە خۆرهەڵاتیانەی کۆچیان لێوەکردووە. سیاسەتی مەڵتیکەڵچەریزمی "فرەکلتوری" رۆژئاواش کە بە بیانووی ئازادی و رێزگرتن لە کلتورو دین و جیاوازیەکانی خەڵکی پەناهەندەوە، بەرپرسیارەتی گەورەی ئەم تاوانانەیان لە ئەستۆیە.

---

سەرچاوەکان:


- “She Wanted to follow her Own Rules” by Michele Henry and Bob Mitchell Published in The Toronto Star, Wednesday, December 12, 2007-12-16
- “The double life of Aqsa Parvez” Wednesday December 12,2007 by Bob Roberts published in National Post
- “For some, it’s one way at home , another at school” by Katie Rook and Amy Smithers, National Post, published: Wednesday December 12,2007
- “Father charged in teen's killing” by KENYON WALLACE Globe and Mail Update December 11, 2007 at 10:28 AM EST
- Teen dead after alleged attack by fatherUpdated: http://www.cbc.ca/canada/toronto/story/2007/12/11/teen-attacked.html Tuesday, December 11, 2007 | 9:58 AM ET